# وەقایعی کوردستان

رۆژنـــامـــەی ڕەسـمیی هـەرێمی کـوردسـتانە - وەزارەتـی داد دەری دەکـات

ژمارە (٣١٩)  ساڵی بیست وچوار  ٢٨ ئایار ٢٠٢٤زایینیی  ٧ جۆزەردان ٢٧٢٤ کوردی  ٢٠ ذو القعدة ١٤٤٥ کۆچی

319



**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار** لا ١

ڕێنمایی دابەشکردنی زەوی بەسەر فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی تەندروستی** ٤

ڕێنمایی هێنان و چاندنی گلێنەی چاو بۆ مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان – عێراق

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** ٦

کەرەنتینی ڤێتێرنەری تایبەت بە هاوردەکردن و هەناردەکردنی ئاژەڵ و بەرووبوومی ئاژەڵی

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی** ٢٢

ڕێنمـایی بەدەسـتهێنانی بڕوانـامەی بـۆڕدی کوردسـتانی لە ئەنجـومەنی بـاڵای کوردسـتان بـۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی بۆ ڕاهێنراوان و هەڵگرانی بڕوانامەی بۆڕدی عێراقی و بۆڕدی عەرەبی

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی ناوخۆ** ٢٤

هەمواری یەکەمی ڕێنمایی جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاسای کۆمپانیای ئەمنییە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی ناوخۆ** ٢٦

هەمواری دووەمی ڕێنمایی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران ودانانیان لە پایەکان ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٢١

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی ناوخۆ** ٢٧

فراوانکردنی چەند گوندێک لەسنووری پارێزگای سلێمانی

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی ناوخۆ** ٢٨

هەمواری یەکەمی بەیانی لێخۆشبوونی سزاکانی ڤیزە

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی داد** ٢٨

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی** ٢٩

**بەیانی ژمارە (١-٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** ٢٩

**بەیانی ژمارە (٤-٥-٦-٧-٩-١٠)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی** ٣١

**بەیانی ژمارە (٨-٩)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی تەندروستی** ٣٢



Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كــوردســتان - تصدر مــن قبــل وزارة العــدل

العدد (٣١٩) السنة رابعة وعشرون ٢٨ ايار ٢٠٢٤ م. ٧ جۆزەردان ٢٧٢٤ ك. ٢٠ ذو القعدة ١٤٤٥ هـ.

# 319

*The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice*

| فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط | ص |
|---|---|
| تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢٤ وزارة البلديات و السياحة | ١ |
| تعليمات رقم (٤) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الصحة | ٤ |
| تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الزراعة و الموارد المائية | ٦ |
| تعليمات رقم (٤) لسنة ٢٠٢٤ وزارة التعليم العالي و البحث العلمي | ٢٢ |
| تعليمات رقم (٤) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الداخلية | ٢٤ |
| تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الداخلية | ٢٦ |
| بيان رقم (٥ - ٦) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الداخلية | ٢٧ |
| بيان رقم (٣) لسنة ٢٠٢٤ وزارة العدل | ٢٨ |
| بيان رقم (١) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الاوقاف و الشؤون الدينية | ٢٩ |
| بيان رقم (١-٢) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الزراعة و الموارد المائية | ٢٩ |
| بيان رقم (٤-٥-٦-٧-٩-١٠) لسنة ٢٠٢٤ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ٣٠ |
| بيان رقم (٨-٩) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الصحة | ٣٢ |

No. 319 Date: May 28, 2024 - Vol.: 24

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

**وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار**

**ژمارە: ٥٠٩ لە ٢٠٢٤/٥/١٤**

پاڵپشت بە ماددەی (٥٧) لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراو ، و بەمەبەستی جێبەجێکردنی بڕیاری سەرۆك وەزیران ژمارە (٢٤٢) لە ٢٠٢٤/٣/٢٧ ، ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ڕێنمایی دابەشکردنی زەوی بەسەر فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان**

**ماددەی (١):**

ئەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییە:

**یەکەم: فەرمانبەر :** فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە بواری ڕاژەی مەدەنی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

**دووەم: خانەنشین :** فەرمانبەری خانەنشین کە لە ژیاندایە.

**سێیەم: زەوی :** زەوی نیشتەجێی جیاکراوە لە ناو سنووری شارەوانییەکان.

**چوارەم: سوودمەند نەبوون :** واتە فەرمانبەر یان هاوسەرەکەی پێشتر لە هەرێمی کوردستان خانوو یان شووقە یان زەوی نیشتەجێبوونی لە دەوڵەت یان کۆمەڵەکانی هەرەوەزی نیشتەجێکردن وەرنەگرتبێت.

**ماددەی (٢):**

وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار زەوی دابەش دەکات بەسەر فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان کە پێشتر سوودمەند نەبوون بەپێی ڕێنمایی و ڕێکار و پلانسازی و هونەرییەکان کە بۆ ئەم مەبەستە دەردەچێت.

**ماددەی (٣):**

**تەرخانکردنی زەوی بۆ فەرمانبەر بەم مەرجانەی خوارەوە دەبێت:**

**یەکەم:** داواکاری پێشکەش دەکرێت لەلایەن ئەو فەرمانبەرانەی کە خزمەتی فعلیان (٨) ساڵ بەرەو سەرەوەیە بەپێی ئەم پێوەرانەی خوارەوە ئەگەر پێویستی کرد دەخرێنە کێبڕکێ (منافسة).

**١-** ساڵانی خزمەت.

٢- ژمارەی ئەندامانی خێزان.

٣- شوێنی لە دایك بوون.

**دووەم:** ئەگەر ژن و مێرد فەرمانبەر بوون خاڵی هەر دووکیان کۆ دەکرێتەوە ، وە بە ناوی ئەو کەسە دەکرێت کە خاڵی زیاترە، بە هەمان شێوە ئەگەر لە یەک ژن زیاتری هەبێت.

**سێیەم:** هەر فەرمانبەرێک (کوڕ یان کچ) پێش گرێ بەندی هاوسەرگیری (زواج) زەوی وەرگرتبێت هاوسەرەکەی بە سوودمەند ئەژمار ناکرێت.

**چوارەم:** ئەو فەرمانبەرانەی مامەڵەی تەرخانکردنی زەویان هەبووە بەر لە کۆچی دواییان وەرەسەکانیان مافی وەرگرتنی زەویەکەیان هەیە.

**پێنجەم:** کارمەندانی حکومەت کە خانەنشین کراون، دەتوانن لە ڕێگەی فەرمانگەی پەیوەندیدار بەپێی خاڵبەندی داواکاری وەرگرتنی زەوی پێشکەش بکەن بە مەرجێک لە ژیانی وەزیفی دا سوودمەند نەبووبن.

**شەشەم:** هەر فەرمانبەرێک زەوی یان یەکەی نیشتەجێ بوونی کڕیبێت لەڕێگای زیادکردنی ئاشکرا (مزايدة) بەسوودمەند ئەژمار ناکرێت، جگە لەوانەی لەبڕگەی (دوازدەم) لەم ڕێنماییە ئاماژەیان پێدراوە.

**حەفتەم:** تەملیک کردنی خانووی کۆمەڵگا زۆرە ملێیەکان بە سوودمەند ئەژمار ناکرێت.

**هەشتەم:** زەوی تەرخان کراو بۆ شەهید و ئەنفالکراو و شەهیدی تیرۆر بە منحە هەژمار دەکرێت و وەرەسەکانی کە فەرمانبەرن بە سوودمەند هەژمار ناکرێن.

**نۆیەم:** دادوەر و داواکاری گشتی و ئەندامانی دەستەی وانە وتنەوە لە زانکۆکان و فەرمانبەرانی پلە تایبەت و پلە باڵا مافی وەرگرتنی زەو یان هەیە بە زیاد کردنی (٤) خاڵ بۆ کۆی خاڵە کانیان بە مەرجێک پێشتر سودمەند نەبووبن.

**دەیەم:** تەرخانکردنی زەوی لەسەر بنەمای شوێنی نیشتەجێ بوونی فەرمانبەر و بەپێی کارتی زانیاری دەبێت.

**یازدەم:** هەر فەرمانبەرێک خانوو یان شوقەی حکومی یان ئەو خانووانەی کە لەلایەن ڕێکخراوەکان دروستکراون وەرگرتبێت بە سوودمەند ئەژمار دەکرێت.

**دوازدەم:** ئەو فەرمانبەر و خانەنشینانەی کە زەوی یان خانوو یان شوقەی حکومیان کڕیبێت بە زیادکردنی ئا شکرا پاڵپشت بە بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (١٤) و بڕگەی ( سێیەم) لە ماددەی (٢٢) لە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ بە سوودمەند ئەژمار دەکرێن.

**سێزدەم:** هەرفەرمانبەرێک سوودمەند بووبێت پێش ڕاپەڕین هاوشێوەی سوودمەندبوون لە دوای ڕاپەڕین مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، هەروەها ئەوانەی لە کۆمەڵگاکانی هەرەوەزی سوودمەندبوون هەمان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

**چواردەم:** هەر فەرمانبەرێك وەك زیندانی سیاسی زەوی وەرگرتبێت بە سوودمەند ئەژمار دەکرێت.

**پازدەم:** دیلەکانی جەنگ کە پێشتر زەویان وەرگرتبێت بە سوودمەند ئەژمار دەکرێن.

**شازدەم:** ڕووبەری زەوی تەرخانکراو لە سنووری پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان (٢٠٠ م٢) دەبێت.

**حەڤدەم:** نرخی (١م٢) لە زەوی تەرخانکراو لە ناو پارێزگا (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار دەبێت و لە قەزاکان (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار دەبێت و لە ناحیەکان (٢٠٠٠) دوو هەزار دینار دەبێت. ئەگەر ڕووبەری زەوی تەرخانکراو زیاتر بوو لەو ڕووبەرەی کە لە سەرەوە دیاری کراوە ڕووبەرە زیادەکە لەلایەن لیژنەی خەمڵاندن بە نرخی ڕۆژ دەخەملێنرێت.

**ماددەی (٤)**

**یەکەم:** پرۆسەی دابەشکردنی زەوی لە ڕێگەی تیروپشک دەبێت لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە لە سەرۆکایەتی شارەوانی پەیوەندیدار و نوێنەری یەکە ئیداری و فەرمانگەی پەیوەندیدار بەشدار دەبن، لە پرۆسەیەکی شەفافدا.

**دووەم:** ئەو فەرمانبەرانەی کە مەرجەکانی ئەم ڕێنماییە دەیانگرێتەوە، داواکاری و بەڵێننامەی سوودمەندنەبوون پێشکەشی فەرمانگەکانیان دەکەن لە ڕێی فۆرمێکی تایبەتەوە، کە لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارەوە ئامادە دەکرێت، دواتر گشت زانیارییەکانی ناو فۆرمەکە لەلایەن لیژنەی تایبەت لە هەر فەرمانگەیەک وردبینی دەکرێت و پشتگیری دەکرێت و لەلایەن لیژنەکەوە و خاڵبەندی بۆ دەکرێت و بە لیست لە ڕێگەی وەزارەتەکانیان بەرزدەکرێتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی وردبینی و ڕێکخستنی لیستەکان.

**سێیەم:** ڕاستی و دروستی زانیارییەکان دەکەوێتە ئەستۆی فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتەکان و لایەنە فەرمییەکان، دواتر دوای تەواوبوونی، فەرمانی تەرخانکردن لە ئەنجومەنی وەزیران دەنێردرێت بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بە مەبەستی جێبەجێکردنی کاری پێویست لەلایەن شارەوانییەکان.

**چوارەم:** شارەوانی پابەند نابێت بەو ڕووبەرانەی کە لە ڕەزامەندی تەرخان کردنی زەوی دیاری کراوە بەڵکو بەپێی پێوەری هونەری و بوونی زەوی نیشتەجێ لە شارەوانی پەیوەندار دەبێت و خاوەنەکەی مافی داواکردنی جیاوازی ڕووبەری نییە لەو حاڵەتە.

**ماددەی (٥)**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**ساسان عەونی**

**وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار**

**وەزارەتی تەندروستی**
**ژمارە: ٤٦٤٩ لە ٢٠٢٤/٣/٦**

پاڵپشــت بە ماددەی (٧) لە یاســای وەزارەتی تەندروســتی ژمارە (١٥)ی ســاڵی ٢٠٠٧ و ماددەی (٣٠) لە یاسایی بەخشین و چاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨ ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد .

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ڕێنمایی هێنان و چاندنی گلێنەی چاو بۆ مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم ووشە و زاراوانەی خوارەوە بۆ مەبەستی ئەم ڕێنماییە ئەو مانایانەی بەرامبەریانە:

**یەکەم: هەرێم**: هەرێمی کوردستان- عێراق

**دووەم: وەزارەت**: وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان – عێراق .

**سێیەم: وەزیر**: وەزیری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان – عێراق

**چوارەم: چاو**: ئەندامێکی سەرەکی لەشی مرۆڤە بۆ بینین .

**پێنجەم: گلێنەی چاو**: ئەندامی بینینە ، بەشی بینینی چاو و هەروەها شانەیەکە وەکو گومبەت لە بەشی پێشەوەی چاوەکە بوار دەدات بە چڕبوونەوەی ڕۆشنایی و هاوکاری تۆڕ دەکات تاکو ببینین .

**شەشەم:چاندنی گلێنەی چاو** :واتە گۆڕینی گلێنەی چاوی نەخۆش وبەرکەوتە بەمەبەستی گەڕانەوەی بینین.

**حەفتەم:** پســپۆری گلێنەی چاو: ئەو پســپۆرە ووردەیە کە شــارەزا و لێهاتوویی هەیە لە نەشــتەرگەری چاندنی گلێنەی چاو دوای وەرگرتنی بڕوا نامەی وورد لەم بوارە و هەروە ها بەشـــداری کردنی لە چەندین خولی چاندنی گلێنەی چاو .

**هەشـــتەم:** ســـەرچاووەی هێنانی گلێنە ئەو شـــوێنەی کە گلێنەی چاوی لێ هاوردە دەکرێت و دەبێت لە ووڵاتیکی باوەر پێکراوبێت وەک سەرچاوەی گلێنەی چاو .

**ماددەی (٢):**

وەزارەتی تەندروستی تۆماری لیستێک بەناوی ئەو نەخۆشانەی کە پێویستیان بە چاندنی گلێنەی چاو هەیە ئامادە دەکات.

**ماددەی (٣):**

**١- مەرجەکانی هاوردەکردنی گلێنەی چاو:**

أ- هێنانی گلێنەی چاو دەبێت لە سەرچاوەی باوەرپێکراو و ڕێگەپێدراو بێت ، تەنها لەو وڵاتانەوە بێت کە بە فەرمی گلێنەی چاو هەناردە دەکەن .

ب- دەبێت گلێنەی چاو تەنها لە ڕێگای فرۆکەخانەوە هاوردە بکرێت.

ج- دەبێت داوا کاری ڕاستەخۆ پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆلی جۆری بکرێت.

د - دەبێت لە کۆنترۆڵی جۆری هەموو بەڵگەو ڕێکارە یاساییەکان جێبەجێ بکرێ کە بریتیە لە:

١- کوالیتی گلێنە لە کوالیتی کۆنترۆڵ پشکنینی بۆ بکرێ وەکو (Evalution Form) .

٢- خانەکانی گلێنە لە (٢٠٠٠) خانە کەمتر نەبێ .

٣- دەبێ گلێنەی چاوی مردوو جیاکرابێتەوە لە ماوەی کەمتر لە (٢٤) کاتژمێر دوای مردنی.
٤- فەحسی ( HIV ،Viral screem) بۆکرابێت وە ئەنجامەکەی نەرێنی (NEGATIVE) بێت .
٥- دەبی گلێنەکە لە کاتی گواستنەوە لە پلەی (٢-٨) پلەی سیلیزی بێت .
٦- گلێنە دەبێت لە ماوەی (٢) هەفتە لە دوای جیاکردنەوە لە چاوی مردوو بەکاربهێنرێت دوای (١٤) ڕۆژ ( Discard) بکرێت .

ح- لە دوای بەکارهێنانی گلێنەکە ، دەبێت فۆڕمی گلێنە لە ناو فایل وە ڕیکۆردی نەخۆش بمێنیتەوە
خ- هەرپزیشکێک گلێنەی چاو هاوردە بکات بۆ چاندن دەبێت پزیشکی پسپۆری گلێنەی چاو بێت و هاووڵاتی هەرێمی کوردستان بێت یان هەرپسپۆرێک کە وەزارەتی تەندروستی رێگەی پێ بدات .

٢- هەر نەخۆ شخانەیەکی گشتی یان تایبەت یان سەنتەر بیەوێت نە شتەرگەری چاندنی گلێنەی چاو ئەنجام بدەن پێویســـتە پێش وەختە ڕەزامەندی لیژنەی باڵای بەخشــین وچاندنی ئەندامەکان لە وەزارەتی تەندروستی وەربگیرێت .

**ماددەی (٤):**

لە ڕووی ڕێکاری یاسـایی نابێت پزیشـکی تایبەتمەند دەسـت بکات بە ئەنجامدانی نەشـتەرگەری چاندنی گلێنەی چاو بەر لە تەواو کردنی ڕێکارە یاسایی و کارگێرییەکان بەپێی یاسا و ڕێنمایەکان .

**ماددەی (٥):**

دروسـتکردنی بانکی گلێنەی چاو لە هەرێمی کوردسـتان لە نەخۆشـخانەیەکی گشـتی چاو بە مەبەسـتی کۆکردنەوە و هەڵگرتن و دابین کردنی خامەی (آنســجە)ی چا ندنی گلێنەی چاو بە مەرجـێک گشــت پـێداویســتیە هونەرییە کان فەراهەم بـێت لەم دەز گا یانە ئەویش بەرەزامە ندی وەزیری تە ندروســتی بەپێی یاسای بەخشین وچاندنی ئەندامانی لەشی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان–عێراق ژمارە (ا)ی ساڵی ٢٠١٨

**ماددەی (٦):**

لە کاتی ئاڵوگۆڕکردن لەگەڵ بانکە نێو دەوڵەتیەکانی تایبەت بە چاو، گلێنەی چاو دەبێت ســەرجەم ڕێکارە یاســایەکان و تەندروســتیەکان جێبەجێ بکرێت لەم حاڵەتە بۆ ســەلماندنی تەندروســتی چاو، گلێنەی چاو لە هەر حاڵەتێکی تێکچوون بەپێی ماددە (٢٨) لە یاســای بەخشــین وچاندنی ئەندامانی لەشی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨.

**ماددەی (٧):**

لە کاتی ســەرپێچی کردنی بڕگەکانی ئەم ڕێنماییە دوای پشـتڕاسـتکردنەوەی لە لایەن لیژنەی باڵا ئەوا سـەرپێچی کار بەپێی ئەو سـزایانەی کە لە یاسـای (بەخشـین و چاندنی ئەندامەکانی لەشـی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ) ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨ دا هاتووە سزا دەدرێت .

**ماددەی (٨):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە: ٣٣٢٢ لە ٢٠٢٤/٥/٢٠**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بەپێی برگەی (١١) لە ماددەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦) ساڵی ٢٠١٠ ، وە خاڵەکانی (٦و٧) لە ماددەی (٢) لە یاسای پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ ژمارە (٤) سالی ٢٠٠٨ و یاسای " امراض الحیوانات العفنة" ژمارە (٦٨) ساڵی ١٩٣٦ هەموارکراو ، ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد.

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ڕێنمایی کەرەنتینی ڤێتێرنەری تایبەت بە هاوردەکردن و هەناردەکردنی ئاژەڵ و بەرووبوومی ئاژەڵی**

**ماددەی (١): زاراوەکان**

بەمەبەستی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە ،ئەم ووشە و دەستەواژانەی خوارەوە لە هەر شوێنێکی ئەم ڕێنماییەدا هاتبن واتاکەی بەرامبەریان نووسراوە :

**یەکەم: هەرێم** : هەرێمی کوردستان – عێراق.

**دووەم: وەزارەت** : وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

**سێیەم: وەزیر** : وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی** : بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری لە وەزارەت.

**پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری** : بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.

**شەشەم: کۆمپانیا** : ئەو کۆمپانیایانە دەگرێتەوە کە تۆمار کراون لە وەزارەت و ڕێگاپێدراون بە هاوردە و هەناردەکردنی ئاژەڵ و بەرووبوومی ئاژەڵی.

**حەفتەم: بڕوانامەی سەرچاوە (Certificate of Origin)**: بڕوانامەیەکی فەرمیە کە دەردەچێت لە وڵاتی سەرچاوەی سەرەکی کە ئاژەڵ یاخود بەرووبوومی ئاژەڵی لێ هاوردە دەکرێت، دەبێت ناوی ماددەی هاوردەکراو، بڕەکەی، کۆمپانیای بەرهەمهێن و ناو و ناونیشانەکەی، کۆمپانیای هاوردەکار و ناو و ناونیشانەکەی بە ڕوونی بنووسرێت و دەبێت بڕوانامەکە ڕەسەن بێت و ناو و ناونیشان، و ژمارەی پەیوەندی و ئیمێلی ئەو لایەنەی لە سەر بێت کە بڕوانامەکەی دەرکردووە.

**هەشتەم: بڕوانامەی تەندروستی ڤێتێرنەری** : بڕوانامەیەکی فەرمیە لەلایەن دەزگای ڤێتێرنەریووڵاتی هەناردەکار دەردەچێت و لەلایەن پزیشکی ڤێتێرنەری حکومی واژۆ دەکرێت و بڕوانامەکە ئاماژە بەبواری تەندروستی ئاژەڵ یان بەرووبوومەکانی دەکات و دەبێت گشت ئەو مەرجانەی تێدابێت کە لە بڕوانامەی تەندروستی ڤێتێرنەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری ئاماژەی پێکراوە.

**نۆیەم: بڕوانامەی حەلال:** بڕوانامەیەکە ئاماژە بەوە دەکات کە بەرووبومەکە بە ڕێگای ئیسلامی بەرهەم هاتووە و یاخود هیچ ماددەیەکی حەرامکراوی تێدانیە و پێویستە بڕوانامەکە ڕەسەن بێت یا خود ڕاستاندنی بۆ کرابێت ولە لایەن دەزگای ئیسلامی باوەڕپێکراو لە ووڵاتی سەرچاوە دەرچوو بێت.

**دەیەم : بڕوانامەی شـــیکردنەوە (Certificate of analysis):** بڕوانامەیەکی باوەڕ پێکراوە کە جۆر و ڕێژەی پێکهاتەی ماددەکانی بەرهەمەکە ڕوون دەکاتەوە و دەبێت لە بڕوانامەکە ناو و جۆری بەرهەم و ڕێژەی پێکهاتەی ماددەکە، ناوی کۆمپانیای بەرهەمهێن و ڕێکەوتی پشـــکنین دیاری کرا بێت. هەروەها ڕێکەوتی پشـــکنینەکە نوســـرابێت و ناو و ناونیشـــان، ژمارەی پەیوەندی و ئیمێلی ئەو تاقیگەیەی لە سەر بێت کە پشکنینی کردووە و مۆر و واژۆ کرابێت و بڕوانامەکە ڕەسەن بێت.

**یازدەم: بڕوانامەی ISO HACCP ،GMP ، یان هاوشـــێوەکانی:** بڕوانامەیەکن کە دڵنیایی دەدەن کەوا ئەو بەرهەمانەی لە و کۆمپانیایە بەرهەم دێن بەپێی ستانداردی بەرز و کوالێتی کۆنترۆلی جیهانیە، پێویستە ناو و ناونیشان، بواری ئیشکردن(SCOPE) ژمارەی پەیوەندی و ئیمێل، ڕێکەوتی دەرچوون و بەســـەرچوون لەگەڵ مۆر و واژۆی لایەنی بەخشـــەری بڕوانامەی لەســـەر بێت و ڕاســـتاندنی بۆ کرابێت.

**دوازدەم:ئاژەڵ:** هەموو جۆرەکانی ئاژەڵ و باڵندە و زیندەوەرە ئاوییەکان وجۆرەکانی تری ماڵی یان کێوی

**ســـێزدەم: بەرووبوومی ئاژەڵی:** ئەو بەرووبوومانەیە کە ئاژەڵین و پێکهاتەی ســـەرەکیان لە ســـەرچاوەی ئاژەڵیە.

**چواردەم: شـــوێنی کەرەنتین کردن:** ئەو شـــوێنەیە کە لەلایەن فەرمانگەکانی ســـەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی دیاری دەکرێت و دەکرێت حکومی بێت یان تایبەت، بە مەبەســـتی کەرەنتین کردنی ئاژەڵی هاوردەکراو یان هەناردەکراو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆدڵنیا بوون لە تەندروستیان.

**پازدەم: ماوەی کەرەنتین کردن:** ئەو ماوەیەی ئاژەڵی هاوردە کراو یان هەناردە کراو کەرەنتین دەکرێت بۆ دڵنیابوون لە تەندروســـتیان و ئەنجام دانی ڕێکاری پێویســـتی تەندروســـتی و ماوەکەش بەپێی بارودۆخی تەندروســـتی وولاتی ســـەرچاوە یان مەرجەکانی وڵاتی هاوردەکار و ماوەی کرکەوتنی نەخوشیەکان دیاری دەکرێت.

**شـــــازدەم: ڕێکخراوی WOAH:** ڕێکخراوێکی نێو دەوڵەتیە تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی زانیاری دەربارەی بواری نەخۆشیەکانی ئاژەڵ لە وڵاتاندا ورێنماییەکانی تایبەت بە ڤێتێرنەری بڵاو دەکاتەوە.

**حەڤدەم: هەنارده و هاوردە:** ئاژەڵ و بەروبوومەکانی کە هەناردە یان هاوردەی هەرێم دەکرێت.

**ماددەی(٢):ئەرکەکانی کەرەنتینەکانی ڤێتێرنەری سنووری بریتیە لە:**

١- دڵنیا بوون لە هەبوونی مۆڵەتی هاوردن.

٢- دڵنیـا بوون لە هەبوونی بڕوانـامەکـانی هـاوردە لەوانەش بڕوانـامەی تەنـدروســـتی ڤێتێرنەری و بڕوانامەی سەرچاوە و بڕوانامەی دیکە کە لە بڕگەی(٩) ماددەی (٣) ئاماژەیان پێ کراوە.

٣- پشـــکنینی ئاژەڵی زیندووی هاوردە یان هەناردە بۆ دڵنیابوون لە تەندروســـتیان و بەدواداچوون بۆ کەرەنتین کردنی ئاژەڵی هاوردە یان هەناردە.

٤- ئەنجام دانی پشکنینی فیزیاوی.

٥- وەرگرتنی نموونەی پێویست و ئەنجامدانی پشکنینی مایکروبایۆلۆجی و کیمیایی و پشکنینی تری پێویست بەپێی تایبەتمەندی هاوردە یان هەناردە و بەپێی ئەو ڕێژانەی لە تایبەتمەندی عێراقی و سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکانی جیهانی دیاری کراوە.

٦- پێویستە پزیشکی ڤێتێرنەری یان کارمەندی کەرەنتین، بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی پەیوەندار مامەڵە لەگەڵ هاوردە بکات.

٧- هەر ئەرکێك کە بەپێی یاسا وڕێنماییەکان پێی بسپێردرێت.

**ماددەی (٣): مەرجە گشتیەکانی هاوردنی ئاژەڵ و بەروبوومەکانی ئاژەڵ :**

١- هاوردە کار یان هە ناردە کار دەبێت مۆڵەتی هاوردن یان هە ناردن لە وەزارەت/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی/ ب.کەرەنتین وەربگرێت دوای وەرگرتنی لاری نەبوونی بەشە پەیوەندارەکان.

٢- دەبێت ڕەزامەندی وەزارەت بۆ ئەنجام دانی چالاکی کۆمپانیا لەبواری سامانی ئاژەڵ وڤێتێرنەریدا هەبێت.

٣- پێویستە بەروبوومە ئاژەڵییەکان بەپێی تایبەتمەندی عێراقی دروست کرابن ، سەبارەت بەو بابەتانەی لە تایبەتمەندی عێراقی دا نەهاتوون تایبەتمەندی ڕێکخراوە جیهانییەکان ڕەچاو دەکرێت.

٤- دەبێت ئەم زانیارییانە بە ڕوونی لە سەر کارتۆن و بەروبوومی لە کیس کراو یان قوتووکراو بە زمانی ئینگلیزی و کوردی یان ئینگلیزی و عەرەبی بنووسرێت، جۆری مادده و پێکهاتەکانی، کێش، ڕێکەوتی بەرهەمهێنان و بەسەرچوون، حەلال(ئەگەربەروبوومەکە لە وولاتانی نا ئیسلامی هاوردە بکرێت)، Batch number، پلەی گەرمی کۆگا کردن، ناونیشان وئیمێل و تەلەفونی کارگەی بەرهەم هێنەر. ئەم زانیاریانە بە شێوەی هەڵکەندراو یان لەیزەری بێت ونابێت ئەم زانیارییانە بە ئاسانی بسڕدرێتەوە.

٥- ئەگەر ماوەی بەسەرچوونی ماددەیەك کەمتر لە (٦) شەش مانگ بێت ، دەبێت ڕێکەوتی بەرهەمهێنان و بەسەرچوون بە شێوەی ڕۆژ و مانگ و ساڵ بنووسرێت و ئەگەر ماوەی بەسەرچوون لە (٦) شەش مانگ زیاتر بێت بە شێوەی مانگ و ساڵ دەنوسرێت.

٦- بەروبوومەکە بە جۆرێك لە کیس یان کارتۆن بکرێت کە ماددەی کیس کردن یان کارتۆن توو ند و تۆڵ بێت وبە ئاسانی تێك نەچێت.

٧- پێکهاتەی کیس کردن (Food grade) بێت و نابێت قوتوو یان کیس یان کارتۆن کاریگەری خراپی لە سەر بەروبوومەکە هەبێت.

٨- لەکاتی گەیشتنی بەروبوومی ئاژەڵی بۆ کەرەنتینی ڤێتێرنەری لە خاڵە سنورییەکان، دەبێت ٢/٣ ماوەی بەسەرچوونی مابێت.

٩- لە کاتی هاوردنی بەروبوومی ئاژەڵ لەکاتی گەیشتنی بە خاڵە سنورییەکان، دەبێت ئەم بڕوانامانە پێشکەش بکرێن (بڕوانامەی تەندروستی ڤێتێرنەری ڕەسەن، بڕوانامەی سەرچاوەی ڕەسەن، بڕوانامەی شیکردنەوەی ڕەسەن(Analysis)، بڕوانامەی حەلالی ڕەسەن(ئەگەر بەروبوومەکە لە وولاتانی نا ئیسلامی هاوردە بکرێت).

١٠- هەموو بەروبوومەکان بەپێی تایبەتمەندی ماددەکە لە پلەی گەرمی گونجاودا و بەپێی مەرجەکانی تەندروستی بگوازرێتەوە.
١١- نابێت جیاوازی کێشی بەروبوومەکانی یەك جۆر لەناو یەك کارتۆن، زیاتر لە ١٠% بێت.
١٢- نابێت لە پێکهاتەی ماددەکان گۆشــت یان ڕۆنی بەراز بەکارهاتبێت و هاوردنی ئەم جۆرە ماددانە تەنها بە ڕێگاپێدانی تایبەت دەبێت.
١٣- دەبێت بەروبوومەکە خاڵی بێت لە تیشــکی (Radioactive) و نابێت ڕێژەی ئەنتی بایوتیك و ماددەکانی پارێزەر لە ڕێژەی ڕێگاپێدراوی جیهانی زیاتر بێت.
١٤- وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆی هەیە بۆدڵنیابوون لە هەبوونی مەرجەکان لە کاتی پێویست، سەردان بۆ کۆمپانیای بەرهەمهێنەروکۆمپانیاکانی هاوردەکار و هەناردەکار ڕێك بخات.
١٥- بەڕێوەبەرایەتی گشــتی بڕیاری کۆتایی لەســەر بڕو جۆری ماددەکانی هاوردە یان هەناردە کراو بۆ هەرێم دەدات و دوای ووردبینی کردنی گشت بەڵگەکان، مۆڵەت بە کۆمپانیا دەبەخشرێت.
١٦- لە کاتی سەرهەڵدانی نەخوشی مەترسیدار لە وڵاتی سەرچاوە بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی (WOAH) ئەگەر نەخۆشـیەکە کاریگەری خراپی لەسـەر تەندروسـتی گشـتی و سـامانی ئاژەڵی هەرێم هەبێت، ڕێگا نادرێت بە هاوردن لەو ووڵاتەوە، تەنها ڕێگا دەدرێت بەو بەرهەمەی پێش ڕێکەوتی سەرهەڵدانی نەخۆشـیەکە لە ووڵاتی سـەرچاوە بەرهەم هاتووە بە مەرجێك پشـکنینی پێویسـتی بۆ بکرێت و بەروبوومەکە لە سـەرچاوەکەی بەرێکەوتبێت یان گەیشـتبێتە سـنوور و ئەمە دەبێت بە نوسـراوی فەرمی وەزارەتی کشتوکاڵ یا دەزگای ڤێتێرنەری ووڵاتی هەناردە بسەلمێنرێت.
١٧- دەبێت ئاژەڵی زیندوو وگۆشــت بە هەموو جۆرەکانی وبەروبوومی ئاژەڵی، ڕاســتەوخۆ لە ووڵاتی سەرچاوە هاوردە بکرێت و ناکرێت لە وڵاتی دووەم هاوردە بکرێت.
١٨- ڕێگا نادرێت بە هاوردەکردنی ئاژەڵ و بەروبوومەکانی لەو وڵاتانەی کە بەشــێوەیەکی ڕێك و پێك ڕاپۆرتی نەخۆشــی بۆ (WOAH) نانێرن یان سـیسـتەمی ڤێتێرنەریان لاوازە و ئەم ووڵاتانە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی دەست نیشان دەکرێن و بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆی هەیە لەکاتی پێویست هاوردنی ئاژەڵ یان بەروبوومێك لە ووڵاتێك قەدەغە بکات.
١٩- لەکـاتی داواکردنی مۆلەت، پێویســـتە گشـــت دۆکیۆمینتەکـان و بڕوانـامەکـان کە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گشــتی دیاری کراون بەپێی تایبەتمەندی هاوردە یان هەناردە، پێشــکەش بکرێن و بەرێوەبەرایەتی گشـتی لەکاتی پێویسـتدا مافی زیاد کردنی مەرجی تری هەیە و بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا داوای بەڵگەنامەی دیکە بکات.
٢٠- ئەگەر مەرج ورێنماییە تایبەتەکان جێبەجێ نەکران، بەڕێوەبەرایەتی گشتی مافی هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی هاوردن یان هەناردنی هەیە.

٢١- بۆ هاوردن و مامەڵە کردن بە دەرمان وڤاکسین وماددەی تاقیگەیی و گشت پێداویستیەکانی ڤێتێرنەری، ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی٢٠٢٢ تایبەت بە ڕێکخستنی هاوردەکردن و مامەڵەکردن بەدەرمان و ڤاکسین و پێداویستی ڤێتێرنەری جێبەجێ دەکرێت.

٢٢- پێویستە لە بڕوانامەکانی (سەرچاوە، تەندروستی، شیکردنەوە و پشکنین و حەلال) و سەرجەم بڕوانامەکانی دیکە ناوی ماددەی هاوردە، بڕەکەی، کۆمپانیای بەرهەمهێن و ناو و ناونیشانەکەی، کۆمپانیای هاوردەکارو ناو و ناونیشانەکەی و بەروارەکەی بە ڕوونی لەسەر نوسرابێت. هەروەها پێویستە واژۆ و مۆر و ناو و نیشان و ئیمێل و ژمارە تەلەفۆنی لایەنی پەیوەندار (فەرمی) کە بڕوانامەکەی دەرکردووە لەسەر بێت و هەموو ئەو بڕوانامانەی لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە پێویست بە یەکێك لەم زمانانە نووسرابێت: ئینگلیزی، عەرەبی ، کوردی.

٢٣- لە بڕوانامەی تەندروستی (بۆ گشت جۆرەکانی گۆشت و بەرووبومەکانی تری ئاژەڵ و پەلەوەر) سەرەرای مەرجە سەرەکیەکان، پێویستە پشکنینی کیمیایی و پاشماوەکان و مایکرۆبایۆلۆجی بۆ هەر بەرووبوومێك کرابێت و لە ناو بڕوانامەکە ئاماژەی پێ بکرێت.

٢٤- بۆ هاوردن و هەناردن و دووبارە هەناردنی (Reexport) ئاژەڵ و باڵندەی کیوی بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، دەبێت بڕوانامەی سایتس پێشکەش بکرێت و لاری نەبوونی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە وەربگیرێت.

٢٥- ڕێگا دەدرێت بە هاوردنی ئاژەڵی ماڵی (سەگ ، پشیلە ، ....) کە تایبەتن بە گەشتیار بە مەرجێك خاوەنداریەتی ئاژەڵەکە بسەلمێنرێت و ئاژەڵەکە پاسپۆرتی هەبێت و کوتانی پێویستی بۆ کرابێت.

**ماددەی(٤): مەرجە تایبەکانی هاوردنی بەروبوومەکانی ئاژەڵ:**

**یەکەم: مەرجە تایبەکانی هاوردنی گۆشتی سوور و باڵندە ودروستکراوەکانی گۆشت:**

سەرباری مەرجە گشتییەکانی پەیوەندار بە هاوردنی ئاژەڵ و بەروبوومی ئاژەڵی کە لە خاڵەکانی ماددەی (سێیەم) ئەم ڕێنماییەدا هاتووە:

١- سەبارەت بە هاوردنی گۆشتی سوور دۆخی وواڵتەکە بۆ نەخۆشی (BSE) و نەخۆشیە مەترسیدارەکانی تر ڕەچاو دەکرێت و دەبێت وواڵتەکە لە لیستی(Negligible BSE Risk) دابێت.

٢- بۆ هاوردنی گۆشتی سوور پێویستە وواڵتی سەرچاوە بۆ ماوەی (٣)سێ مانگ و کێڵگەکە لە (٦) شەش مانگی ڕابردوو پاك بێت لە نەخۆشیەکان بەتایبەت ئەم نەخۆشیانەی خوارەوە:

أ- ڕەشەووڵاخ:

Brucellosis ، Anthrax ، T.B ،CCHF ،CBPP ، LSD ،H.S ،FMD ، Black leg ، BVD ، Bluetongue ،Rift valley fever ، Q fever ،Vesicularstomatitis ،Int.&ext parasites

ب- مەڕوبزن:

FMD ،PPR ،Sheep and goat pox ،Brucellosis ،Scrapie ،CCHF ،CCPP.Rift valley fever ،Bluetonge ، Int.&ext parasites ، Qfever

٣- سەبارەت بەگۆشتی سووری بەستووی ڕەشەووڵاخ تەمەنی ئاژەڵەکە لە (٢) دوو ساڵ تێپەر نەکات و کێشی پارچەیەك گۆشت لە نێوان(١ - ٥)کیلوگرام بێت وسەبارەت بە گۆشتی کاور یان گیسك تەمەنیان لە (٢٠) بیست مانگ تێپەر نەکات و دەکرێت گۆشتەکە بە شێوەی پارچەکراو بێت و کێشیان لە (٢٠) کیلۆگرام زیاتر نەبێت و کێشی مریشکی تەواو لە (٢٠٠٠) گرام تێپەر نەکات.

٤- نابێت لە بەخێوکردنی ئاژەڵ یان پەلەوەرە هۆرمونی گەشەکردن و ماددەی قەدەغە کراو بەکارهاتبێت ونابێت ڕێژەی ئەنتی بایوتیك و ماددە زیان بەخشەکان لە ناو ئالیکی ئاژەڵەکان لە ڕێژەی ستاندەرد تێپەر بکات.

٥- سەبارەت بەگۆشتی بەستوو (گۆشتی سوور یان سپی) دەبێت کەمتر لە (٢) دوو ڕۆژ دوای کوشتنەوە، ببەسترێت و لە(- ١٨) پلەی سلیزی کۆگا بکرێت.

٦- دەبێت گۆشت لە سەربڕخانە و کارگەیەك بەرهەمبهێنرێت کە بەپێی مەرجەکانی (HACCP) یان (ISO ٢٢٠٠٠) یان بڕوانامەجیهانی هاوشێوەکانی کار بکات وپشکنینی پێش سەربڕ ین و دوای سەربڕین لە سەربڕخانەکە ئەنجام بدرێت.

٧- دەبێت هۆکاری گواستنەوەی گۆشت بە بارهەڵگری تایبەت بێت و مۆنیتەر کارتی تێدابێت.

٨- نابێت گۆشتی ڕەشەووڵاخ، ئێسك و دەمار وبڕبڕەی پشت و غودەی تێدابێت.

٩- سەبارەت بە هاوردنی گۆ شتی پەلەوەر دەبێت ووڵاتەکە نەخو شی ئەنفلوەنزای باڵندەی تێدا نەبێت و سەرچاوەی پەلەوەر بۆ ماوەی (٩٠) نەوەت ڕۆژی ڕابردوو پاك بێت لە نەخۆشیەکانی نیوکاسل و سالمونیلوزیس وئەنفلوەنزای باڵندە و (IB) و نەخۆشی سنوور بەزێنی دیکە.

١٠- نابێت ئەو ووڵاتەی گۆشتی ئاژەڵی لێ هاوردە دەکرێت نەخۆشی مەترسیداری تێدا هەبێت.

١١- نابێت لە بەرهەمهینانی گۆشتی بەستوو ماددەی پارێزەر بەکار بێت.

١٢- بە هۆی ئەوەی ماوەی بەسەرچوونی گۆشتی فریش تەنها (٧٢) حەفتاو دوو کاتژمێرە، بۆیە ڕێگا نادرێت بە هاوردنی گۆشتی سوور و مریشك بە شێوەی فریش.

١٣- ڕێگا دەدرێت بە هاوردنی گۆشتی سوور و پەلەوەر و ماسی بە شێوەی ڤاکیوم بەپێی مەرج وڕێکارەکانی تایبەت بە گۆشتی ڤاکیوم کە لەلایەن بەڕێوبەرایەتی گشتی دیاری دەکرێت.

١٤- لە کاتی نەبوونی بەرهەمی ناوخۆ ڕێگا دەدرێت تەنها بەکارگەکانی دروست کردنی دروستکراوەکانی گۆ شت بەپێی وزەی کارگەکە، گۆ شتی (MDM) ی پەلەوەر هاوردە بکەن. بە مەرجێك لە سنوورەکان پشکنینی پێویستیان بۆ ئەنجام بدرێت.

١٥- ڕێگا نادرێت بە هاوردنی گۆشتی سوور بە شێوەی قیمە کراو و بەهەمان شێوە ڕێگە نادرێت بە هاوردنی دوونگ جگەر و سەروپێ و بەشەکانی تری ناوسگ.

١٦- لە کاتی نەبوونی بەرهەمی ناوخۆ بەهەمان کواڵیتی، ڕێگا دەدرێت بە هاوردەکردنی دروستکراوی گۆشتی سوری ئامادەکراوی تەواو (بەرگر، کباب، صوصج.... هتد).

١٧- دەکرێت بەروبوومی پەلەوەر کە لەپرۆسـێسـی ئامادەکردنی، بە پلەی گەرمی سـەرووی (٦٥) پلەی سـیلیزی بۆ ماوەی زیاتر لە (٤٢)چل و دوو چرکە ئامادە دەکرێت، لەو وولاتانە هاوردە بکرێت کە نەخوشـی ئەنفلوەنزای باڵندە یان ڕاپۆرت کردووە و ئەمەش بە دۆکیۆمێنتی فەرمی بسـەلمێنرێت و دەبێت سەرچاوەی بەروبوومەکە لەو هەرێم وشوێنە نەبێت کە نەخۆشی تێدا سەری هەڵداوە.

**دووەم: مەرجە تایبەتەکانی هاوردنی شیر و بەرهەمەکانی شیر :**

سەرباری مەرجە گشتیەکانی هاتوو لە خالەکانی ماددەی سێیەم، پێویستە ئەم مەرجانەش بێتەدی :

١- نابێت ڕێژەی میلامین و ترانس فات لە ڕێژەی ڕێگا پێدراوی جیهانی تێپەر بکات.

٢- پێویستە بەروبوومەکە خالی بێت لە دایۆکسین و فۆرماڵین.

٣- پێویستە ڕۆنی خورما (Palm oil) بۆ بەروبوومەکە زیاد نەکرابێت.

٤- نابێت ماددەی پارێزەر وئەنتی بایوتیك و ماددەی دیکە لە ڕێژەی ڕێگا پێدراوی جیهانی تێپەر بکات.

٥- ئەو کێڵگەیەی شـیر و بەرویوومەکانی لێ هاوردە دەکرێت بۆ ماوەی (٦) شـەش مانگی رابردوو نەخوشی مەترسیداری تێدا نەبێت.

٦- نابێت لەبەخێو کردنی ئاژەڵ بۆ بەرهەمهێنانی شـیرو بەروبوومەکانی، هۆرمۆنی گەشـەکردن و ماددەی قەدەغەکراو بەکاربهێنرێت.

٧- پێویسـتە خالەکانی (٣و٦) لە ناوەرۆکی بڕوانامەی شـیکردنەوە و خالەکانی (١و٢و٤) لە بڕوانامەی تەندروستی ڤێتێرنەری ئاماژەی پێ بکرێت.

٨- بەروبومەکە حەڵاڵ بێت.

٩- دەبێت شـیرو بەرهەمەکانی لە کارگەیەك بەرهەم بهێنرێت کە بەپێی ڕێنماییەکانی (HACCP) یان (ISO ٢٢٠٠٠) یان هاوشێوەکانی کار بکات.

١٠- دەبێت شیرو بەرهەمەکانی بە بارهەڵگری گونجاو بگوازرێتەوە و بارهەڵگرەکە مۆنیتەر کارتی تێدا بێت.

**ماددەی(٥): مەرجەکانی هاوردنی ئاژەڵی زیندوو:**

**یەکەم: مەرجە گشتیەکان:**

سـەرباری مەرجە گشـتییەکانی پەیوەندار بە هاوردنی ئاژەڵ و بەروبوومی ئاژەڵی کە لەخاڵەکانی ماددەی (سێیەم) ئەم ڕێنماییەدا هاتووە، پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە بە دی بێت:

١- گشت بڕیار و مەرج و ڕێکارەکانی وەزارەت تایبەت بە هاوردنی ئاژەڵی زیندوو جێبەجێ بکرێت.

٢- هەبوونی بڕوانامەی سەرچاوەی ڕەسەن(Certificate of Origin).

٣- هەبوونی بڕوانامەی تەندروستی ڤێتێرنەری ڕەسەن، پێویستە ئاماژە بکرێت بە پشکنینەکانی پێش هاوردەکردن، خشـتەی کوتان، بەکارنەهێنانی پرۆتینی ئاژەڵی و هۆرمۆنات وچالاك کەری گەشـە لە ئالیکەکەیاندا و پاك بوون لە ماددەی تیشکدەر.

٤- ئەم دوو بەڵگەنامانەی سەرەوە (بڕوانامەی سەرچاوەی ڕەسەن وبڕوانامەی تەندروستی ڤێتێرنەری ڕەسەن) دەبێت لەگەڵ هاوردنی ئاژەڵەکاندا بن و لەکاتی گەیشتنی ئاژەڵەکان بۆ ناو هەرێم پێشکەش بکرێن.

٥- پێویستە گشت ئاژەڵەکان ئەلقەی گوێ و کۆدی تایبەت بەخۆیان هەبێت و تەمەنی ڕەشەووڵاخ بە مەبەستی سەربڕین لە (٢) دوو ساڵ و کار و بەرخ لە (٨) هەشت مانگ زیاتر نەبێت.

٦- لەسەر هاوردەکار پێویستە پێش وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی شوێنی هێنانە ژوورەوەی ئاژەڵەکان و شوێنی کەرەنتین کردنیان دیاری بکات.

٧- پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گشتی لەکاتی دەرچوونی هەر وەجبەیەکی ئاژەڵ، بەرێگای ئیمێل لەلایەن دەزگای ڤێتێرنەری وولاتی هەناردە ئاگادار بکرێتەوە. هەروەها پێویستە کەرەنتینی خاڵە سنورییەکان ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بکەنەوە لەکاتی گەیشتنی ئاژەڵەکان.

٨- لەسەر هاوردەکار پێویستە ئاگاداری کەرەنتینی خاڵە سنورییەکانی هەرێم بکاتەوە لە باری تەندروستی ئاژەڵەکان و ژمارەی مردنیان لەماوەی هاوردەکردن.

٩- دوای گەیشتنی ئاژەڵەکان ڕێکارەکانی کەرەنتینی ناوخۆ دەست پێ دەکات کە زیاتر نەبێت لە (٥) پێنج ڕۆژ بۆ ئەو ئاژەڵانەی ڕاستەوخۆ دەبردرێنە سەربڕخانە و(٢١) بیست و یەك ڕۆژ بۆ ئەو ئاژەڵانەی بۆ بەخێوکردن و قەڵەوکردن هاوردە دەکرێن.

١٠- کرداری کەرەنتین کردن لە شوێنی تایبەت دەبێت لە سنورەکان و فرۆکەخانەکان یاخود ئەو شوێنەی لە مۆڵەتی هاوردن دیاری کراوە و بەنوسراوی فەرمی دەبێت بسەلمێنرێت کە کەرەنتین کراون وگشت تێچووەکانی ماوەی کەرەنتین کردن لە ئەستۆی خاوەنەکەیەتی.

١١- پێویستە وولاتی سەرچاوە وئاژەڵەکان پاك بن لە نەخۆشیە درمی وپەتایی و سنور بەزینەکان یان هەر نەخۆشیەکی دیکە کە بەپێی ڕێنماییەکانی (WOAH) دەبێت ڕاپۆرت بکرێت ( Notifiable diseases) .

١٢- پێویستە وولاتی سەرچاوە بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ ئەو کێلگەیەی ئاژەڵەکانی لێ هاوردە دەکرێت بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ پێش هاوردن پاك بێت لە نەخۆشیەکان لە وانەش:

أ- رەشەووڵاخ:

Brucellosis ، Anthrax ، T.B ،CCHF ،CBPP ، LSD ،H.S، FMD ، Black leg BVD ، Bluetongue ،Rift valley fever ،Vesicularstomatitis ،Blood parasites ،Int.&ext. parasites ،Q fever

ب- مەروبزن:

FMD ،PPR ،Sheep and goat pox ،Brucellosis ،Scrapie ،CCHF ،CCPP ،Rift Valley fever ، Bluetongue ، Blood parasites ،Int.&ext. parasite ،Q fever

١٣- سەبارەت بە ڕەشەووڵاخ نابێت نەخۆشی (BSE)تێدا بێت و وولاتەکە لە لیستی(Negligible BSE Risk) دا بێت.

١٤- پێویستە  ئاژەڵەکان (٢١) بیست ویەک ڕۆژ پێش هەناردەکردن کەرەنتین بکرێن لە وولاتی سەرچاوە و چارە سەری پێویستیان بۆ بکرێت و پاك بن لە هەموو جۆرە نەخو شیەك و ئەم بابەتە لە بڕوانامەی تەندروستی ڤێتێرنەری ئاماژەی پێ بکرێت.

١٥- دەبێت خاڵەکانی سەرەوە سەبارەت بە دۆخی تەندروستی ئاژەڵەکان لە بڕوانامەی تەندروستی ڤێتێرنەری ئاماژەی پێ بکرێت.

١٦- دەبێت هاوردەکار (٥)  پێنج ڕۆژ پێش گەیشتنی ئاژەڵەکان ئاگاداری کەرەنتینی ڤێتێرنەری لە خاڵە سنورییەکان بکات.

١٧- دەبێت (٣) سێ ڕۆژ پێش گەیشتنی ئاژەڵەکان مۆڵەتی هاوردن و گشت بڕوانامەکان پێشکەش بە کەرەنتینی ڤێنێرنەری سنوور بکات.

١٨- ئەگەر سەلمێندرا کە نەخۆشیەکی مەترسیدار لە ناو ئاژەڵەکان هەبێت پێویستە  لە ناوببردرێن یاخود بگەڕێندرێتەوە.

١٩- لە کاتی گەیشتنی بۆ بنکەی کەرەنتینی سنووری، ئاژەڵە کان لە ناو  بارهەڵگر لەلایەن پزیشکی ڤێتێرنەری پشکنینی بۆ دەکرێت.

٢٠- لەکاتی پێویست نموونەی گونجاو لە ئاژەڵەکان وەردەگیرێت.

٢١- ئەگەر لەکاتی پشکنین دەرکەوت کە ئاژەڵەکان نەخوشی مەترسیداریان هەیە، ڕێگا نادرێت ئەم ئاژەڵانە داخلی هەرێم بکرێت.

٢٢- ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی ئاژەڵ بە جۆرێك بێت کە نەبێتە هۆکار بۆ گواستنەوەی نەخوشیەکان وپیسکردنی ژینگە و لەهەمان کاتدا دەبێت مەرجەکانی ئاسودەیی ئاژەڵ (Animal welfare) تێدابێت.

٢٣- ناکرێت ئەو ئاژەڵانەی بە شێوەی ترانزێت بە هەرێم تێپەر دەبن بە هیچ شێوەیەك دابگیرێن و ئەگەر هاتوو داگیران هەمان مامەڵەی کەرەنتین کردنی ئاژەڵ لە گەڵیان دا دەکرێت.

٢٤- نابێت ئاژەڵەکان بە وڵاتێك تێپەر بێت (ترانزێت) کە نەخۆشی مەترسیداری تێدا بڵاوبۆتەوە.

٢٥- پێویستە ڕێڕەوی هاوردەکردنی ئاژەڵەکان لەولاتی سەرچاوە تاکو هەرێم دیاری بکرێت پێش هاوردەکردنیان.

٢٦ - لەکاتی سەرهەڵدانی نەخۆشی مۆڵەتی هاوردن پوچەڵ دەکرێتەوە بەڵام ئەگەر ئاژەڵەکان پێش سەرهەڵدانی نەخۆشی لە وولاتەکە دەرچوو بوون ئەوا ڕێگە بە  هاتنە ژوورەوە یان دەدرێت بە مەرجێك ئەمە بە نوسراوی فەرمی بسەلمێنرێت لەلایەن  وەزارەتی کشتوکاڵ یا دەزگای ڤێتێرنەری وولاتی هەناردەکار.

٢٧- گۆڕینی وولاتی سەرچاوە یان مەرزی داخیل کردنی یان درێژکردنەوەی ماوەی ڕەزامەندی هاوردن، بەپێی ڕێنماییەکان ئەنجام دەدرێت.

**دووەم: مەرجە تایبەتەکانی هاوردەکردنی ئاژەڵە کاوێژکەرەکان بەمەبەستی بەخێوکردن**

**أ- مانگا:**

ســـەرباری مەرجە کانی پەیوەندار بە هاوردنی ئاژەڵی زیندوو کە لە خاڵە کانی ماددەی (ســـێیەم) و (پێنجەم)ی ئەم ڕێنماییەدا هاتووە، پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە بەدی بێت:

١- جگە لەو نەخوشـــیانەی لە ماددەی پێنجەم ئاماژەی پێکراوە، دەبێت ئاژەڵەکان و ســـەرچاوەکانیان پاك بن لە نەخۆشیەکانی کۆئەندامی زاوزێ، بەتایبەتی ئەو میکرۆبانەی دەبنە هۆی بەرهاویشتن.

٢- پێویســـتە ســـەرچاوەی ئاژەڵەکان پاك بن لەم نەخۆشـــیانەی خوارەوە بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لەدووساڵ:

FMD ،Brucellosis ،Tubercullosis ،Listeriosis ،Leptospirosis ،Vibriosis ، Q.Fever ، Heart water Disease ، Trichomoniasis

٣- پێویستە (١٥) پانزە ڕۆژ پێش هاوردەکردن پشکنینی تاقیگەیی بۆ نەخۆشی برۆ سیلوزیس و سیل بکرێت بۆدڵنیا بوونەوە لە نەبوونی ئەم نەخۆشیانە لە ئاژەڵەکان.

٤- پێویســـتە لەســـەر هاوردەکار کوتانی پێویســـت (کە لە مۆڵەتی هاوردنی ئاژەڵەکان دیاری کراوە) ئەنجام بدات پێش هێنانە ژوورەوەیان بۆ هەرێم.

**ب . مەرو بزن:**

ســـەرباری مەرجە کانی پەیوەندار بە هاوردنی ئاژەڵی زیندوو کە لە خاڵە کانی ماددەی (ســـێیەم ) و (پێنجەم)ی ئەم ڕێنماییەدا هاتووە، پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە بە دی بێت:

١- جگە لەو نەخۆشـیانەی لە ماددەی پێنجەم ئاماژەی پێکراوە دەبێت ئاژەڵەکان و سـەرچاوەکانیان پاك بن لە نەخۆشـــیە کانی کۆئە ندامی زاوزێ، بە تایبەتی ئەو میکرۆ بانەی دەبنە هۆی بەر هاویشـــتنی ئاژەڵەکان لەوانەش (Vibriosis).

٢- پێویستە سەرچاوەی ئاژەڵەکان پاك بێت لەم نەخۆشیانە بۆماوەی کەمتر نەبێت لەدوو ساڵ :

FMD ،PPR ،POX ،Brucellosis ،Scrapie ،CCHF ،CCPP ،RiftValleyfever ، Bluetongue

٣- پێویستە ئاژەڵەکان پاك بن لە نەخۆشیەکانی پێست.

٤- پێویستە پێش (١٥) پانزە ڕۆژ لە هاوردەکردن، پشکنینی تاقیگەیی بۆنەخۆشی برۆسیلوزیس بکرێت بۆدڵنیابوونەوە لە نەبوونی ئەم نەخۆشیە لە ئاژەڵەکان.

٥- پێویستە لە سەر هاوردەکار کوتانی پێویست کە لە مۆڵەتی هاوردنی ئاژەڵەکان دیاری کراوە ئەنجام بدات پێش هێنانە ژوورەوەیان بۆ هەرێم.

**سێیەم: مەرجەکانی هاوردنی سەگ وپشیلە**

ســـەرباری مەرجە گشـــتییە کانی پەیوەندار بە هاوردنی ئاژەڵ و بەروبوومی ئاژەڵی کە لەخاڵە کانی ماددەی (سێیەم) ئەم ڕێنماییەدا هاتووە، پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە بەدی بێت:

١- ڕێکەوتی دەرچوونی بڕوانامەی تەندروستی ڤێتێرنەری ئاژەڵەکان لە (٧) حەوت ڕۆژ تێپەر نەکات.

٢- تەمەنی  ئاژەڵەکان لە (٤) چوار مانگ کەمتر نەبێت.
٣- گشت زانیاری کوتان و ژمارەی مایکروچیپ لە پاسپۆرتدا ئاماژەی پێ بکرێت.
٤- کوتانی سەگ بۆ نەخۆشیەکانی (Rabies، canine distemper، canine hepatitis-parvovirus، Leptospirosis) ئەنجام درابێت.
٥- کوتان پشیلە بۆ (Rabies-Feline calcivirus، Panleukopaenia  Feline viral rhinotracheitis-) ئەنجام درا بێت.
٦- ڕێکەوتی کوتانی (Rabies)  لە (١)یەک مانگ کەمتر نەبێت و لە (١٢) دوانزە مانگ زیاتر نەبێت.
٧- پێدانی دەرمانی دژی مشەخۆری دەرەکی بە ئاژەڵەکان  لە (١٠) دە ڕۆژ تێپەر نەکات ودەرمانی دژە مشەخۆری ناوەکی لە (٢) دوو ڕۆژ تێپەر نەکات.
٨- پزیشکی ڤێتێرنەری لە کەرەنتین هەڵدەستێت بە پشکنینی ئاژەڵ و وردبینی کردنی بڕوانامەکان و لەکاتی هەبوونی کەموکورتی لە بڕوانامەکان، ئاژەڵەکان بۆ ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژ کەرەنتین دەکرێن یان دەگەڕێنرێنەوە وولاتی سەرچاوە.

**چوارەم: مەرجە تایبەتەکانی هاوردەکردنی ئەسپ و ووڵاخە بەرزە**

سەرباری مەرجە گشتییەکانی پەیوەندار بە هاوردنی ئاژەڵ و بەروبوومی ئاژەڵی کە لەخاڵەکانی ماددەی (سێیەم)  ئەم ڕێنماییەدا هاتووە، پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە بە دی بێت:
١- پێویستە ئاژەڵەکان و سەرچاوەی ئاژەڵەکان لە (٣) سێ مانگی ڕابردوو پاك بن لە نەخۆشیە پەتایی و درمی و سنور بەزێنەکان یان هەرنەخۆشیەکی تر کە لەلایەن ڕێکخراوی جیهانی (WOAH) ئاماژەیان پیکراوە بەتایبەتی ئەمانەی خوارەوە:

West Nile Fever ، African Horse Sickness ، Equine Herpes Virus ، Equine Influenza  ،Hendra virus ، Equine Encephalomyelitis ، Equine viral Arteritis ، ،Equine infectious anemia Dourine ،  Vesicular stomatitis ،  Glanders ،  Strangles ، Mange ، Rabies  ،Tetanus

٢- پێویستە سەرچاوەی ئاژەڵەکان پاك بێت لەم  نەخۆشیانە بۆماوەیەك کەمتر نەبێت لە دووساڵ:
African Horse Sickness ،West Nile Fever
٣- پێویستە پێش( ١-٢) ڕۆژ  لە هاوردەکردن پشکنینی گشتی بۆ ئاژەڵەکان ئەنجام بدرێت.

**پێنجەم: مەرجە تایبەتەکانی هاوردەکردنی ئاژەڵی جوانی وکیوی**

سەرباری مەرجە گشتییەکانی پەیوەندار بە هاوردنی ئاژەڵ وبەروبوومی ئاژەڵی کە لەخاڵەکانی ماددەی (سێیەم)وماددەی (پێنجەم) لەم ڕێنماییەدا هاتووە، پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە بەدی بێت:
١- پێویستە ئاژەڵەکان و سەرچاوەی ئاژەڵەکان و ووڵاتی سەرچاوە  پاك بن لە  نەخۆشی پەتایی و درمی و سنوور بەزێنەکان یان هەر نەخۆشیەکی تر کە لەلایەن ڕێکخراوی جیهانی (WOAH) ئاماژەیان پێکراوە.
٢- هەر جۆرە ئاژەڵێك بە گوێرەی جۆرەکەی  مامەڵەی نەخۆشیەکانی لەگەڵ دەکرێت.

**ماددەی(٦): مەرجەکانی هاوردنی باڵندەی زیندوو و هێلکە**

**یەکەم: مەرجەگشتیەکان:**

ســـەرباری مەرجە گشـــتییەکانی پەیوەندار بە هاوردنی ئاژەڵ و بەروبوومی ئاژەڵی کە لەخاڵەکانی ماددەی (سێیەم) ئەم ڕێنماییەدا هاتووە، پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە بەدی بێت:

١- پێویستە، ڕاپۆرتی کۆتایی (Final Report)ووڵاتی سەرچاوە بۆ نەخۆشی ئەنفلۆنزای باڵندەی جۆری زۆر کوشـــندە لەلایەن ڕێکخراوی (WOAH) بڵاو کرابێتەوە. ســـەبارەت بەوووڵاتانەی ســـیســـتەمی ڤێتێرنەریان بەهێزە دوای بڕیاری بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی، دەکرێت دابەش کردنی ووڵات (zoning و Compartmentalization) بەپێی ڕێنماییەکانی (WOAH) جێبەجێ بکرێت.

٢- پێویستە باڵندەکان و ووڵاتی سەرچاوە پاك بن لە نەخۆشیە پەتایی و درمی و سنور بەزینەکان.

٣- دەبێت بڕوانامەی تەندروســـتی ڤێتێرنەری ڕەســـەن بێت و ئەم زانیاریانەی خوارەوە ســـەبارەت بەبواری تەندروستی باڵندەکان ئاماژەی پێ بکرێت:

**یەکەم :** نەخوشی ئەنفلوەنزای باڵندەیان تێدا نەبێت.

**دووەم :** (٢١) بیست و یەك ڕۆژ پێش هەناردن لەلایەن ڤێتێرنەری ووڵاتی سەرچاوە چاودێری بکرێن بۆ دڵنیابوون لە پاك بوون لە هەموو جۆرە نەخۆشیەك.

**سێیەم :** ئەو سـەرچاوەیە (کێڵگە)ی باڵندەی لێ هاوردە دەکرێت بۆ ماوەی (٩٠) نەوەت ڕۆژی ڕابردوو نەخوشـی ئەنفلۆنزای باڵندە و نیوکاسـیل و سـالمونیلۆس و (Infectious Bronchitis) یان نەخوشـی مەترسیداری تری تێدا نەبێت.

٤- دەبێت (٥) پێنج ڕۆژ پێش گەیشتنی باڵندەکان ئاگاداری کەرەنتینی ڤێتێرنەری سنوری بکرێت.

٥- ئەگەر سەلمێندرا کە نەخوشیەکی مەترسیدار لە ناو باڵندەکان هەیە پێویستە لە ناوببردرێن یاخود بگەڕێندرێنەوە.

٦- پێویستە ئالیکی باڵندەکان پاك بێت لە هۆرمۆن وچالاککەری گەشە و پرۆتینی ئاژەڵی و پەلەوەر.

٧- لەماوەی کەرەنتین کردن نمونەی پێویســـت (کەمتر نە بێت لە ٣٠ دانە) لە باڵندەکان وەردەگیرێت و پشـــکنینی تاقیگەیان بۆدەکرێت بۆ دڵنیابوونەوە لە نەبوونی نەخۆشـــیەکان بە تایبەت نەخۆشـــی ئەنفلۆنزای باڵندە.

٨- دەبێت باڵندەکان پشـــکنینیان بۆ کرابێت پێش هەناردەکردنیان بۆ دڵنیابوون لە نەبوونی هیچ نیشانەیەکی نەخۆشی پەتایی .

٩- دەبێت باڵندەکان لە سندوقی تازە و خاوێن بگوازرێنەوە.

١٠- باڵندەکان کەرەنتین ناکرێن لەکاتی گەیشتنیان بە خاڵە سنورییەکان ئەگەر هاتوو بەڵگەنامەی تەواو و داواکراویان لەگەڵدا بێت و باری تەندروستیان باش بێت بەڵام لە کێڵگە لە ژێر چاودێری دەمێنن و ئەم ماوەیە لە (١٤) چواردە ڕۆژ کەمتر نەبێت.

**دووەم: مەرجە تایبەتەکانی هاوردەکردنی هێلکەی خواردن**

ســـەرباری مەرجە گشـــتییەکانی پەیوەندار بە هاوردنی ئاژەڵ و بەروبوومی ئاژەڵی کە لە خاڵەکانی ماددەی (سێیەم) و( شەشەم) ، ئەم رێنماییەدا هاتووە ، پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە بە دی بێت:

١- ماوەی بەسەرچوونی هێلکە (٣٠) سی ڕۆژ دەبێت.

٢- دەبێت کیشی هێلکە بەپێی ئەو مەرجانە بێت کە لە نووسراوی رێگەپێدان دیاری کراوە.

٣- ڕێکەوتی بەرهەمهێنان و بەســـەرچوون و ناوی کۆمپانیا یان پرۆژەی بەرهەمهێن لە ســـەرهەموو هێلکەکان هەبێت.

٤- دەبێت(٦- ١٢) یان (٣٠) هێلکە لە ناو یەك سێت بێت.

٥- دەبێت هێلکە بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی ساردکەرەوە بگوازرێتەوە.

**سێیەم: مەرجە تایبەتەکانی هاوردەکردنی هێلکەی تروکاندن**

ســـەرباری مەرجە گشـــتییەکانی پەیوەندار بە هاوردنی ئاژەڵ و بەروبوومی ئاژەڵی کە لە خاڵەکانی ماددەی (سێیەم) و( شەشەم)، ئەم ڕێنماییەدا هاتووە، پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە بەدی بێت:

١- ئەو کێلگەیەی هێلکەی تروکاندنی لێ هاوردە دەکرێت دەبێت پاك بێت لە نەخوشی مایکوپلاسموزیس (msوmg) و سالمونێلوزیس.

٢- دەبێت هێلکەی تروکاندن بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی ساردکەرەوە بگوازرێتەوە.

٣- دەبێت کیشی هێلکە بەپێی ئەو مەرجانە بێت لە نووسراوی ڕێگەپێدان دیاری کراوە.

٤- نابێت تەمەنی بەرهەمهێنانی هێلکەی تروکاندن لە (٧) حەوت ڕۆژ زیاتر بێت و دەبێت لە بڕوانامەکان ئاماژە بە ڕێکەوتی بەرهەمهێنان کرابێت.

**چوارەم: مەرجە تایبەتەکانی هاوردەکردنی جوجکەی مریشك ومریشکی هێلکەکەر**

ســـەرباری مەرجە گشـــتییەکانی پەیوەندار بە هاوردنی ئاژەڵ و بەروبوومی ئاژەڵی کە لە خاڵەکانی ماددەی (سێیەم) و( شەشەم)، ئەم ڕێنماییەدا هاتووە، پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە بەدی بێت:

١- پێویستە پەلەوەرەکان و وولاتی سەرچاوە پاك بن لە نەخۆشی پەتایی و درمی و سنور بەزێنەکان یان وهەر نەخۆشیەکی تر کە لەلایەن ڕێکخراوی جیهانی (WOAH) ئاماژەیان پێ بکرێت.

٢- لەکاتی هاوردنی مریشـــکی هێلکەکەر، نابێت تەمەنی مریشـــکەکە لە (١٦) شـــانزە هەفتە تێپەر بکات ودەبێت لە بڕوانامەکان ئاماژە بە تەمەنی مریشکەکە کرابێت.

**پێنجەم: مەرجە تایبەتەکانی هاوردەکردنی باڵندەی جوانی**

ســـەرباری مەرجە گشـــتییەکانی پەیوەندار بە هاوردنی ئاژەڵ و بەروبوومی ئاژەڵی کە لە خاڵەکانی ماددەی (سێیەم) و( شەشەم)، ئەم ڕێنماییەدا هاتووە، پێویستە ئەم مەرجەی خوارەوە بەدی بێت:

پێویستە باڵندەکان و سەرچاوەی باڵندەکان پاك بن لە نەخۆشی پەتایی و درمی و سنور بەزێنەکان یان هەر نەخۆشیەکی تر لەلایەن ڕێکخراوی (WOAH) ئاماژەیان پێکراوە.

**ماددەی(٧): مەرجەکانی هاوردە کردنی ماسی و زیندەوەرە ئاوییەکان**

سەرباری مەرجە گشتییەکانی پەیوەندار بە هاوردنی ئاژەڵ و بەروبوومی ئاژەڵی کە لەخالەکانی ماددەی (سێیەم) ی ئەم ڕێنماییەدا هاتووە، پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە بەدی بێت:

١- گشت مەرجە تەندروستیەکانی پاراستن و گواستنەوە جێبەجێ بکرێت.

٢- ڕێگا دەدرێت بە هاوردنی ماسی مردووی فرێش و بەستوو و ماسی زیندوو. دەبێت ماوەی بەکارهێنانی ماسی مردووی فرێش و بەستوو لە بڕوانامەدا بە ڕوونی ئاماژەی پێ کرابێت.

٣- ڕێژەی ئەنتی بایوتیك و کانزا قورسەکان و ماددەی تر لە ڕێژەی ستاندەری جیهانی تێپەڕ نەکات.

٤- ڕێگا نادرێت بە هاوردنی ئەو جۆرە ماسیانە یان زیندەوەری ئاویانە کە بە بڕیاری وەزیر یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی قەدەغەکراون.

٥- گواستنەوەی ماسی بەستوو و فرێش و ڤاکیوم بە ڕەچاو گرتنی مەرجەکانی تەندروستی و بەپێی تایبەتمەندی جۆری ماسی دەبێت.

٦- ڕێگا دەدرێت بە هاوردنی پەنجە ماسی و لەپە ماسی بۆ پڕۆژەکانی ماسی هەرێم.

٧- ریگا دەدرێت بە هاوردنی ماسی جوانی.

**ماددەی(٨): مەرجەکانی ڤێتێرنەری هاوردنی ئالیك وپێکهاتەکانی:**

سەرباری مەرجە گشتییەکانی پەیوەندار بە هاوردنی ئاژەڵ و بەروبوومی ئاژەڵی کە لەخاڵەکانی ماددەی (سێیەم) ئەم ڕێنماییەدا هاتووە، پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە بەدی بێت:

١- پشکنینی تۆکسینەکانی (Ochratoxin،T٢ toxin،Aflatoxin) بۆ ئالیکی ئامادەکراو، گەنمەشامی و دانەوێلەکانی دیکە ئەنجام بدرێت.

٢- ئەگەر ئالیك و پێکهاتەکانی لەم وولاتانەی خوارەوە هاوردە بکرێت دەبێت پشکنینی پیس بوون بە تیشکە زیانبەخشەکان ئەنجام بدرێت (البانیا، ازربیجان، بیلاروس، بۆسنا، هرزگوفانیا، بولغاریا،کرواتیا، کۆماری چیك، استونیا، هنگاریا، کازاغستان، جورجیا، لاتیفیا، لیثیونیا، مکدۆنیا، مولدافیا، پۆلندا، ڕۆمانیا، روسیا، سلۆفاکیا، سلۆفانیا، اوکرانیا، سربیا، مۆنتینیکرۆ).

٣- نابێت لە پێکهاتەی ئالیکی ئامادەکراو پرۆتینی ئاژەڵی یان پەڵەوەر بەکارهێنرابێت و دەبێت پاك بێت لە دایوکسین و هۆرمۆنەکان.

٤- پێویستە بۆ زیدەگی ئالیك بڕوانامەی(Free Sale) پێشکەش بکرێت.

**ماددەی (٩): مەرجەکانی هاوردنی سترۆی بەستوو**

سەرباری مەرجەکانی پەیوەندار کە لەخاڵەکانی ماددەی (سێیەم) ی ئەم ڕێنماییەدا هاتووە، پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە بەدی بێت:

١- هەبوونی بڕوانامەی سەرچاوەی ڕەسەن(Certificate of Origin).

٢- هەبوونی بڕوانامەی تەندروستی ڤێتێرنەری ڕەسەن.

٣- ئەو ئاژەڵەی سترۆی لێوەرگیراوە لە ڕەسەنی باش بێت و خاڵی بێت لە هەموو جۆرە نەخۆشی جینی.
٤- ئەو ئاژەڵەی ستروی لێ وەرگیراوە خالی بێت لە هەموو جۆرە نەخۆشی.
٥- سترۆی ئامادەکراو بە شیوەیەکی تەندروست و مەرجە جیهانییەکان ئامادەکرا بێت.
٦- ئەو جۆرە سترویەی هاوردە دەکرێت کاریگەری نگەتیڤی نەبێت لەسەر جۆر و ڕەسەنی ئاژەڵی هەرێم.

**ماددەی (١٠): مەرجەکانی هەناردنی ئاژەڵ و بەروبوومی ئاژەڵی**

ئەو ئاژەڵ و بەروبوومانەی کە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەبێت، دەکرێت هەناردە بکرێن.

١- ئاژەڵ یان بەروبوومی ئاژەڵی کە هەناردە دەکرێت دەبێت بڕوانامەی تەندروستی هەبێت و بەپێی داواکاری ئەو وڵاتەی بۆی هەناردە دەکرێت، مەرجەکان جێبەجێ بکرێن.
٢- سەبارەت بەو ماددانەی دووبارە هەناردنی (Reexport) بۆ ئەنجام دەدرێت پێویستە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەبێت.
٣- ڕێگا نادرێت بەهەناردنی ئەو بەروبوومانەی لە ناو هەرێم پێویستن.
٤- دەکرێت بۆ ئەو کۆمپانیانەی لە ناو هەرێم تاکە بریکارن و بەرهەمەکانیان لە پێداویستی ناوخۆ زیادە بەرهەمەکانیان هەناردە بکەن.

**ماددەی (١١):**

ڕێکارەکانی هاوردەکردن، کەرەنتین کردنی ئاژەڵی زیندوو و بەڵگەنامە پێویستەکان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیاری دەکرێن.

**ماددەی(١٢): سزاکان:**

**یەکەم:** هاوردەکردنی هەر ماددەیەك بەبێ مۆڵەت و دەست بەسەرداگرتنی لە خاڵە سنوریەکان پێش داخل کردنی بۆ ناوخۆی هەرێم ئەگەر هاتوو ماددەکە ڕێگە پێدراو بێت و بەپێی ڕێنماییەکان بێت و سەرجەم بڕوانامەکانی لەگەڵ بوو و لە پشکنینی تایبەت بە ماددەکە دەربچێت، ئەم ڕێکارانە دەگرێتە بەر بەرامبەر بە هاوردەکار:

أ- پێویستە بەپێی یاساو ڕێنماییەکان مامەڵە پێشکەش بکات بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی.
ب- ڕاگرتنی مۆڵەتی هاوردەکردن بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ و بەڵێننامە بدات لە بەشی یاسایی کە ئەم سەرپێچیە دووبارە نەکاتەوە.
پ- لەکاتی دووبارە کردنەوەی سەرپێچی مۆڵەتی هاوردەکردنی لێ ڕادەگیرێت بۆماوەی یەك ساڵ.
ت- لەکاتی بەردەوام بوون لەسەر ئەو سەرپێچیە مۆڵەتی هاوردەکردن بەیەکجاری ڕادەگیرێت و دەدرێتە دادگا.

**دووەم:** هاوردنی هەر ماددەیەك بەبێ مۆڵەت و دەست بەسەرداگرتنی ماددەکان لە ناوخۆی هەرێم:

أ- دەست بەسەرداگرتنی ماددەکان و ڕاگرتنی مۆڵەتی هاوردەکرن بۆ ماوەی یەك ساڵ
ب- لەکاتی دووبارە کردنەوەی سەرپێچی، مۆڵەتی هاوردە کردن و مامەڵە کردنی بە ماددەکە لێ ڕادەگیرێت ودەدرێتە دادگا .

**سێیەم:** پێشکەش کردنی بڕوانامە و دۆکۆمێنتی ساختە لەکاتی داواکردنی مۆڵەتی هاوردن، ساختە کردنی بڕوانامە و نووسراو، هاوردەکردن لە کۆمپانیایەکی باوەڕ پێنەکراو و وەهمی :
أ- دەست بەسەرداگرتنی ماددەکە ئەگەر هاوردە کرابوو.
ب- ئاراستەکردنی بۆ دادگاکانی هەرێم.
پ- مۆڵەتی هاوردەکردنی لێ رادەگیرێت تاکو بڕیاری دادگا دەردەچێت ولە ناوبردنی مادده کان بە بڕیاری دادگا دەبێت.
**چوارەم:** ساختەکردنی بەروبوومی ئاژەڵی، دەستکاری کردنی لەیبڵ ورێکەوتی دروست کردن و بەسەرچوون:
أ- دەست بەسەرداگرتنی ماددەکان و ئاراستە کردنی بۆ دادگاکانی هەرێم وە لەناوبردنی ماددەکان بە بڕیاری دادگا دەبێت.
ب- ڕاگرتنی مۆڵەتی هاوردنی بەروبوومی ئاژەڵی بە هەموو شێوەیەك تاكو بڕیاری دادگا دەردەچێت.
**پێنجەم:** هاوردن و مامەڵەو و بازرگانی کردن بە مادده قەدەغەکراوەکان:
أ- دەست بەسەرداگرتنی ماددەکان.
ب- ئاراستەکردنی ئەم حالەتە بۆ دادگاکانی هەرێم .
پ- مۆڵەتی هاوردەکردنی لێ ڕادەگیرێت.
**شەشەم:** هەبوونی کۆگای شاراوە و بەبێ ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتیە ڤێتێرنەرییەکان:
أ- داخستنی کۆگاکە بەیەکجاری.
ب- ڕاگرتنی مۆڵەتی هاوردەکردن، وە بەپێی جۆری سەرپێیچیەکە سزاکەی بۆ دیاری دەکرێت.
**حەفتەم:** ئەگەر مەرجە کانی هاوردن لە هاوردەدا نەبوو، ماددەکە دەگەڕێنرێتەوە یان لە ناو دەبردرێت یان هاوردەکار سزا دەدرێت و ئەگەر پێویست بوو ڕێکاری یاسایی تر بەپێی یاسا بەکارەکان لە هەرێم ئەنجام دەدرێت.

**ماددەی (١٣):**

کار ناکرێت بە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی سالی (٢٠١٠) .

**مادده (١٤):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە و کاری پێدەکرێت دوای تێپەڕبوونـــی (٩٠) نەوەت ڕۆژ لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی.

### هۆیەکانی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە

لە پێناو سەلامەتی هاولاتییان و دابین کردنی ئاژەڵی زیندوو و بەروبوومی ئاژەڵی تەندروست بۆ بازارەکانی هەرێمی کوردستان و پاراستنی سامانی ئاژەڵ لە نەخۆشییەکان و ڕێگری کردن لە هاتنی نەخۆشیە سنوور بەزێنەکان و گرتنە بەری ڕێکاری زانستی و ڤێتێرنەری بەپێی ستاندارده جیهانییەکان لە هاوردە کردن و هەناردە کردنی ئاژەڵ و بەروبوومی ئاژەڵی، ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد.

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**ژمارە: ٩٣٣٢ لە ٢٠٢٤/٥/١٩**

پاڵپشت بە حوکمەکانی ماددەی (پەنجایەم) و بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (سی و پێنجەم) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو ، و ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە (١٥٦٥٦) لە ٢٠٢٣/١٢/٣ و پاشکۆی کۆنووسی کۆبوونەوەکانی ژمارە (١) و (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣ی ئەنجومەنی وەزارەت و کۆنووسی لیژنەی پێکهاتوو بە فەرمانی وەزاری ژمارە (١٠٠١) لە ٢٠٢٣/٨/٢٣، هەروەها لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی بە نووسراوەکانی ژمارە (٣٦٨) لە ٢٠٢٤/٢/١٨ و ژمارە (١٥٩١) لە (٢٠٢٣/٩/٢٥) و ژمارە (٩٣١) لە (٢٠٢٣/٥/٤) و ژمارە (٥٦٠) لە ٢٠٢٣/٢/١٣ و ژمارە (٥١٢) لە ٢٠٢٣/٢/٦ و ژمارە (١) لە ٢٠٢٣/١/٢٩، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

## ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٢٤)

## ڕێنمایی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بۆڕدی کوردستانی لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی بۆ ڕاهێنراوان و هەڵگرانی بڕوانامەی بۆڕدی عێراقی و بۆڕدی عەرەبی

**ماددەی (١):**

ڕاهێنراوان و هەڵگرانی بڕوانامەی بۆڕدی عێراقی و عەرەبی دەتوانن ببن بە خاوەن بڕوانامەی بۆڕدی کوردستانی بەم مەرجانەی خوارەوە:

**یەکەم:** خوازیار هەڵگری یەکێک لە بڕوا نامە کانی بۆڕدی عێراقی یان بۆڕدی عەرەبی بێت و دەبێت نووسراوی پشتڕاستکردنەوەی تەواوکردنی ماوەی ڕاهێنان لە بۆڕدی عێراقی و عەرەبی بۆ ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی بهێنن.

**دووەم:** ڕاهێنراوانی بۆڕدی عێراقی و عەرەبی دەبێت نووسراوی پشتگیری پشتڕاستکردنەوەی هەموو پێداویستیەکانی تەواوکردنی ماوەی ڕاهێنان و لارینەبوون لە بۆڕدی عێراقی و عەرەبی بۆ ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی بهێنن و هەروەها ئاماژە بدرێت کە ڕاهێنراوەکە دەرنەچووی تاقیکردنەوەی کۆتایی (Final)ی بۆڕدی عێراقی و عەرەبی نییە، هەروەها خوازیار پێویستە بەڵێننامەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی پێشکەش بکات کە دەرنەچووی تاقیکردنەوەی کۆتایی (Final)ی بۆڕدی عێراقی و عەرەبی نییە.

**سێیەم:** هەڵگرانی بۆڕدی عێراقی و عەرەبی، تەنها تاقیکردنەوەی کۆتایی (Final)ی بۆڕدی کوردستانی لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی ئەنجام دەدەن و پێویستە لە تاقیکردنەوەکە دەربچن بەپێی ڕێنمایی بۆڕدی کوردستانی.

**چوارەم:** ڕاهێنراوانی بۆڕدی عێراقی و عەرەبی، تەنها تاقیکردنەوەی کۆتایی (Final)ی بۆڕدی کوردستانی لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی ئەنجام دەدەن و پێویستە لە تاقیکردنەوەکە دەربچن بەپێی ڕێنمایی بۆڕدی کوردستانی، بەڵام بڕوانامەی بۆڕدی کوردستانیان پێ نابەخشرێت تاوەکو بەشداری لە تاقیکردنەوەی کۆتایی (Final)ی بۆڕدی عێراقی و عەرەبی دەکەن و لە تاقیکردنەوەکە دەردەچن.

**پێنجەم:** خوازیار لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن، فۆرمی تایبەت بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوە لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی پڕ بکاتەوە.

**شەشەم:** خوازیار وێنەیەکی لەبەرگیراوەی پەسەندکراو لە توێژینەوەی تاوتوێکراو لە بۆڕدەکەی پێشکەش بە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی بکات.

**حەوتەم:** لیژنەیەک بۆ ڕاستاندن لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی لە ژێر چاودێری وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان پێکدەهێندرێت.

**هەشتەم:** بەڕێوەبەرایەتی تۆمار لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی (فایل و کۆد)ی تایبەت بە خوازیاران دەکاتەوە.

**ماددەی (٢):**

**یەکەم:** کرێی تۆمارکردن بریتی دەبێت لە (٥٠٠، ٠٠٠) تەنها پێنج سەد هەزار دیناری عێراقی.

**دووەم:** کرێی تاقیکردنەوەی کۆتایی بریتی دەبێت لە (٧٥٠، ٠٠٠) تەنها حەفت سەد و پەنجا هەزار دینار دەبێت بۆ هەر تاقیکردنەوەیەک.

**سێیەم:** بۆ پسپۆری وورد، کرێی تاقیکردنەوەی کۆتایی بریتی دەبێت لە (١، ٥٠٠، ٠٠٠) تەنها یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار دیناری عێراقی دەبێت بۆ هەر تاقیکردنەوەیەک و کۆی گشتی هەردوو تاقیکردنەوەکە دەکاتە (٣، ٠٠٠، ٠٠٠) تەنها سێ ملیۆن دیناری عێراقی.

**ماددەی (٣):**

ئەم ڕێنماییە دەرنەچووانی تاقیکردنەوەی کۆتایی (Final)ی بۆڕدی عێراقی و بۆڕدی عەرەبی ناگرێتەوە.

**ماددەی(٤):** کار بە هیچ ڕێنمایی و فەرمانی وەزاری و گشتاندن و نووسراوێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە ناکۆک بێت.

**ماددەی (٥):** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)ەوە، جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوون**

بە مەبەستی دروستکردنی هەلی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بۆڕدی کوردستانی لە ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆڕایەتیەکانی پزیشکی بۆ ڕاهێنراوان و هەڵگرانی بڕوانامەی بۆڕدی عێراقی و عەرەبی، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان-عێراق ئەم ڕێنماییەی دەرچواند.

**د. ئارام محمد قادر**

**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٢١٨٨ لە ٢٠٢٤/٤/٣٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ، و دوا بەدوای رێنمایی وەزارەتمان رێنمایی جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاسای کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی و بڕیارماندا بە: دەرچواندنی ئەم رێنماییە هەمواریە :

**رێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**هەمواری یەکەمی رێنمایی جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاسای کۆمپانیای ئەمنییە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ماددەی (١):**

هەڵوەشاندنەوەی **ماددەی (٧)** لە رێنمایی ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

**ماددەی (٧):**

١- هێنانەکایەی هۆبەی(بەدواداچوونی کۆمپانیا ئەمنییەکان)سەر بە بەشی جولانەوە لە پەیکەری رێکخستنی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و لە ژێرسەرپەرشتی بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان .

٢- لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لیژنەیەکی بەدواداچوون وپشکنین پێک دێت بە سەرۆکایەتی ئەفسەرێک کە پلەی لە (رائد) کەمتر نەبێت لە بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆی و ئەندامیەتی ئەفسەرێک لەبەرێوەبەرایەتی کاروباری ناوخۆی پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ و ئەفسەرێک لە بەرێوەبەرایەتی ئاسایش بۆپشکنین و بە دواداچوونی کار و چالاکییەکانی کۆمپانیا ئەمنییەکان ، ساڵانە جارێک سەرۆک و ئەندامانی لیژنە دەگۆڕدرێت .

٣- کاری لیژنەی هاتوو لە برگەی(٢)ی ئەم ماددەیە لە ژێر سەرپەرشتی هۆبەی خاڵی(١)دەبێت

٤- پێویستە لەسەر ئەم لیژنەیە بەبەردەوامی سەردانی کۆمپانیا ئەمنییەکان و ئەو شوێنانە بکات کە گرێبەستەکەیان لێ جێبەجێ دەکات و پێویستە کۆمپانیاکان پابەندبن بەهەموو برگە و ماددەکانی یاسای کۆمپانیا ئەمنیەکان ژمارە(١٨)ی ساڵی ٢٠٢١ و رێنمایی جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاسای کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢.

٥- لەکاتی بینینی هەرپێشێلکارییەک لەلایەن هەرکۆمپانیایەکی ئەمنی لیژنەی پشکنین راپۆرت بەرزدەکاتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەمەبەستی بڕیاردان لەسەر ئەم پێشێلکارییە.

٦- پێویســـتە ئەم لیژنەیە مـانگـانە ڕاپۆرتی تـایبەت بە بەدواداچوون وپشـــکنین بۆ کـاری کۆمپـانیـا ئەمنییەکان لە سنوری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان ئامادەبکات و لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پـۆلـیـس/بەڕێـوەبەرایەتـی پـۆلـیســـی پـارێـزگـا و ئـیـدارە ســـەربەخـۆکـان ڕەوانەی وەزارە تی ناوخۆ/بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان / بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان بکات

**ماددەی (٢):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردســتان) بڵاو دەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٢١٨٩ لە ٢٠٢٤/٤/٣٠**

بەپێی ئەو دە سەڵاتەی پێمان دراوە لە یا سای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ، و دوا بە دوای ڕێنمایی وەزارەتمان ڕێنمایی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران و دانانیان لە پایەکان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١ی هەموارکراو بە ڕێنمایی ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠٢٢ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی ، بڕیارماندا بە : دەرچواندنی ئەم ڕێنماییە هەمواریيە:

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**هەمواری دووەمی ڕێنمایی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران ودانانیان لە پایەکان ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠٢١**

**ماددە (١):**

هەموار کردنەوەی خاڵی (٢)ی برگەی سێیەم لە ماددەی چوارەم لە ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٢ی هەمواری یەکەمی ڕێنمایی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران و دانانیان لە پایەکان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢١ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێنەوە،

ماددەی (٤) خاڵی (٢) بڕگەی سێیەم پلەی (عقید بۆ عمید)

٢- پێویستە پۆستی (بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بێت لە یەکێک لە بەرێوەبەراتییە گشتییەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ ) و (بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی بێت لە یەکێک لە دامەزراوەکانی وەزارەتی ناوخۆ و بەرێوەبەری کاروباری ناوخۆ لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان) ، بە مەرجێک بەرێوەبەراتییە کە لە پەیکەری ڕێکخستنی پەسەندکراو هەبێت ، یان پشکێنەر بێت لە دەستەی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ، یان ئەندام یان داواکاری گشتی بێت لە دادگاکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یان فەرماندەی باڵەکان بێت لە کۆلیژی پۆلیس یان ئەو ئەفسەرانەی کە ناونیشانی (شارەزا ) لە دادگای تایبەتمەندی وەردەگرن بەپێی یاسای شارەزایان بەرامبەر دادوەری ژمارە (١٦٣)ی ساڵی ١٩٦٤ و ماوەی (١٠) ساڵ لە تاقیگاکانی بەڵگەکانی تاوان خزمەت دەکەن و سەرپەرشتی ئەو تاقیگانە دەکەن بە مەرجێک ناسنامەی شارەزایان هەبێت و ناسنامەکە یان بەسەر نەچوو بێت.

**ماددە (٢):**

ئەم ڕینماییە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکریتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ١٣٩٥٩ لە ٢٠٢٤/٥/١٩**

پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران بە نووسراویان ژمارە(٩٠٥٢) لە ٢٠١١/٨/١٧ و ڕێنمایی وەزارەتی شـــارەوانی و گەشـــت و گوزار بە نووســـراو یان ژمارە(١٦٨٤٠) لە ٢٠١٣/١٠/٣٠ و ئاماژە بە فەرمانی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٣١٣٦) لە ٢٠١٠/١٢/٢٦ و نووسراوەکانی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٩٢٦٤) لە ٢٠٢٣/٩/٥ و (١٠٥٦١) لە ٢٠٢٣/١٠/٢٤ و (٣٤٤٥) لە ٢٠٢٤/٤/٢٤ و دوابەدوای نووســـراومان ژمارە(٢٧٢٢٩) لە ٢٠٢٣/٩/٢٤ و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای ســـلێمانی ژمارە (١٢)ی ســـاڵی ٢٠٢٣ بەمەبەســـتی وەرگرتنی ڕێڕەوی یاسایی پەیڕەوکراو بەپێی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان و لەبەر بەرژەوەندی گشتی ، بڕیاردرابە دەرچوواندنی ئەم بەیانەی خوارەوە :

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**فراوانکردنی گوندەکانی :**

**قڕگە - قولەڕەیسی سەروو – کەڵەکن - کانی گۆمە - کەنە سورە – قەرەتۆغان - ژاڵەی خواروو**
**خەلیفاوا – خێوەتە – مەلاداود – ئاوبارە - کانی بەردینە – فەرەجاوا - ڕازیانەی نوێ**
**شێخ وەیساوا - ڕازیانەی کۆن - ئاشە سپی – بەردەکەڕ - کۆسەی چەم – عەواڵ - بابان**
**ئاڵیاوا – هوانە – سەماوات - ژاڵەی جەزا جاف – داربەڕوولە - کانی شینکە - ژاڵەی سەروو**

**ماددەی (١) :**

فراوان کردنی گوندەکانی ســـەرەوە لە ســـنووری پارێزگای ســـلێمانی لەســـەر پارچە زەوی و کەرتی دیاریکراو بەو رووبەرانەی کە لە نەخشـــە و خشـــتەی هاوپێچی نووســـراوی ســـەرەوەی پارێزگا و ئەنجوومەنی پارێزگای ســـلێمانی هاتووە و بەپێی یاســـا مامەڵەی کاری کوژانەوە و دەســـت هەڵگرتن بکرێت .

**ماددەی (٢) :**

ئەم بەیانە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**هەمواری یەکەمی بەیانی لێخۆشبوونی سزاکانی ڤیزە**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ، دوابەدوای بەیانمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ و ئاماژە بە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ ، و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:

**ماددەی (١):**

هەموارکردنی ماددەی حەوتەم لە بەیانی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٢٤ بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە: (ئەم بە یانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە تاکو ڕێکەوتی (٢٠٢٤/٨/٣١) جێبەجێ دەکرێت و هەموو ئەوانەش دەگرێتەوە کە کۆدەکانیان تاکو ڕێکەوتی (٢٠٢٤/٤/٣) ڕاگیرابوو .

**ماددەی (٢):** ئەم بەیانە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی داد**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دەسەلآتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:

١- کردنەوەی (تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی فایدە ) لە ناحیەی فایدە پارێزگای دهۆک .

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە (ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان)بڵاودەکرێتەوە .

**فەرست إحمد عبدالله**
**وەزیر داد**

**وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤**

پاڵپشت بە ماددەی (شەشەم) بڕگە (دووەم) لە یاسایی وە زارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی ژمارە (١١) ساڵی ٢٠٠٧ وە ئاماژە بە نووسراوی بەرێوەبەرایەتی گشتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی پارێزگای هەولێر ژمارە (١٣٤٩ ) لە ٢٠٢٤/٥/٥ لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :

- گۆڕینی تێبینەرایەتی ئەوقاف و کاروباری و ئایینی پیرمام بۆ بەرێوەبەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی پیرمام .
- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان ) کاری پێ دەکرێت .

**د. پشتیوان صادق عبدالله**
**وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

---

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٨)ی یاسای بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ لە بەر بوونی هەڵەی چاپ لە بەیانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (١٣) ی ساڵی (٢٠٢٣) بڕیارماندا بە ڕاست کردنەوەی بەم شێوەیەی خوارەوە:-

١- ماددەی(٦٩) ڕاست دەکرێتەوە بە ماددەی (١٧).

٢- لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی بەیانی ژمارە(١٣) ی ساڵی (٢٠٢٣) جێبەجێ دەکرێت.

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٨)ی یاسای بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ لە بەر بوونی هەڵەی چاپ لە بەیانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٢٣) بڕیارماندا بە ڕاست کردنەوەی بەم شێوەیەی خوارەوە:-

١- لێکترازاندنی هۆبەی ئاودێری (رانیە، سەروچاوە، سەنگەسەر) لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی ڕاست بکرێتەوە بۆبەڕێوەبەرایەتی ئاودێری سلێمانی.

٢- لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی بەیانی ژمارە(١٤)ی ساڵی (٢٠٢٣) جێبەجێ دەکرێت.

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە (٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا:-

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٤**

١- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی سەنتەری ئۆتیزم لە سەر میلاکی وەزارەتمان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دهۆک / بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گە شەپێدانی کۆمەڵایەتی ئاکرێ .

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لە سەر دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی**

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە (٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠٠٧ ، و پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (١٤٥١ ) لە ٢٠٢٤/٣/٢٧ ، بڕیارماندا بە:-

١- هێنانەکایەی (استحداث ) کردنی سەنتەری چالاکی و پاراستنی منداڵان لە سەر میلاکی وەزارەتمان/بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هە ڵەبجە لە هە ردوو ناحیەی (خورمال و بیارە).

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لە سەر دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە (٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا:-

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٤**

١- گۆرینی بە شی تۆڕی پارا ستن کۆمەڵایەتی بۆ بەڕێوەبەرایەتی تۆڕی پارا ستنی کۆمەڵایەتی لە سەر میلاکی دیوانی وەزارەت سەر بە وەزیر .

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لە سەر دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە (٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا:-

١- هێنانەکایەی (استحداث ) کردنی بەشی ڕاهینانی پیشەیی کفری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و دە ستەبەری کۆمەڵایەتی / بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنانی پیشەیی سلێمانی .

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری لە سەر دەکرێت و لەرۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە (٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا:-

١- هەموارکردنەوەی بەیانی ژمارە (٧ )ی ساڵی ٢٠٢٤ تایبەت بە کردنەوەی بەشی ڕاهینانی پیشەیی کفری وە گۆرینی بۆ هۆبەی ڕاهینانی پیشەیی کفری سەر بە بەرێوەبەرایەتی کار و ڕاهینانی پیشەیی گەرمیان / بەرێوەبەرایەتی گشتی کار و دە ستەبەری کۆمەڵایەتی .

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری لە سەر دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە (٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا:-

١- هێنانەکایەی (استحداث ) کردنی هۆبەی ڕاهینانی پیشەیی خانقین سەر بە بەرێوەبەرایەتی ڕاهێنانی پیشەیی گەرمیان / بەرێوەبەرایەتی گشتی کار و دە ستەبەری کۆمەڵایەتی .

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری لە سەر دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەســەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاســای وەزارەتی تەندروســتی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٤**

- کردنەوەی هۆبەی ( گۆرانکاری کەش و هەوا ) لە بەرێوەبەرایەتی گشــتی کاروباری تەندروســتی لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٤/٤/٣.

**بەیانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٤**

- کردنەوەی بنکەی( ئالایی چاودێری تەندرو ستی سەرەتایی) لە ناوەندی سەنتەری قەزای دهۆک سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆک .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٤/٤/٢٥.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**